

# ساتەوەختی پۆپۆلیستی

شانتال موفە

ئێمە ئێستا ئەزموونی «ساتەوەختی پۆپۆلیستی» دەکەین. ئەمە خاڵێکی تەوەرییە بۆ دیموکراسییەتەکەمان، بۆ ئەوانەی، کە داهاتوویان بەندە بە وەڵامدانەوەی ئەم تەحەدایەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دۆخە، پێویستە ڤێرژنە ساکارەکەی میدیا وەلابنێین، کە پۆپۆلیزم تەنیا وەک دیماگۆژییەت وێنا دەکات و پشتیوانیی لە ڕوانگەیەکی شیکاریی دەکات.

من پێشنیار دەکەم پەیڕەوی لە ئەرنستۆ لاکلاو بکەین کە پۆپۆلیزم وەک ڕێگایەک پێناسە دەکات بۆ بنیاتنانی سیاسەت لە ڕێگەی دامەزراندنی سنوورێکی ئەو تۆی سیاسی کە کۆمەڵکە دابەش دەکات بەسەر دوو کەمپدا، ئەمەیش لەپێناو بانگەشەکردن بۆ بزواندنی «ژێردەستەکان» دژ بە دەسەڵاتداران (سەردەستەکان).

پۆپۆلیزم نە ئایدیایۆلۆژیایە و نە ڕژێمێکی سیاسی، بۆیە ناکرێت بدرێتە پاڵ ناوەڕۆکێکی پراگماتیکیی تایبەتی. پۆپۆلیزم لەگەڵ چەندین فۆڕمی جیاوازی حکومەتدا هاوتا دێتەوە. ڕێگایەکە بۆ ئەنجامدان و مومارەسەی سیاسەت کە دەشێت بە گوێرەی کات و شوێن چەندین فۆڕمی جیاواز وەربگرێت. پۆپۆلیزم ئەو کاتە دەردەکەوێت کە یەک ئامانج سوبێکتێکی نوێی ئەکتی دەستەجەمعی دروست بکات (واتە خەڵک) کە بتوانێت دووبارە نەزمی کۆمەڵایەتی تیاژیان وەک نەزمێکی نا- دادپەروەرانە دەربخات و کۆمەڵگە دابڕێژێتەوە.

نموونەی ئەم خاڵە، سەرکەوتنە نوێیەکانی فۆڕمە پۆپۆلیستییەکانە لە سیاسەتدا لە ئەوروپا کە دەربڕی قەیرانێکن لە سیاسەتی لیبراڵ-دیموکراتیدا. ئەمە هۆکاری نزیکبوونەوەی چەندین دیاردەیە لە یەکتری کە لەم ساڵانەی دواییدا کاریگەرییان لەسەر ئەو بارۆدۆخانە هەبووە کە دیموکراسییەتیان تێدا پیادە دەکرێت. یەکەمین دیاردە ئەوەیە کە پێشنیارم کردووە پێیی بووترێت «پۆست-سیاسەت»، ئەمەیش وەک ئاماژەیەک بۆ تەڵخبوون و بەیەکداچوونی سنوورە سیاسییەکان لەنێوان ڕاست و چەپدا. ئەمە بەرەنجامی درووستبوونی کۆدەنگییە لەنێوان ئەو حزبانەدا کە سەر بە ڕاستی میانڕەو و چەپی-میانڕەون لەسەر ئەو ئایدیایەی کە هیچ ئەڵتەرناتیڤێک بۆ جیهانگیریی نیولیبراڵ بوونی نییە. لەژێر فرمانی «مۆدێرنیزەیشن»دا، ئەوان ڕازیی بوون بە فەرمان (diktats)ی کاپیتالیزمی دارایی جیهانی و ئەو سنوور و کۆتوبەندانەی، کە بەسەر دەستێوەردان و سیاسەتەکانی بواری گشتی (public policies)دا سەپێنراون. ڕۆڵی پەرلەمانەکان و ئەو دامەزراوانەی کە ڕێگە بە هاووڵاتیان دەدەن کاریگەریان لەسەر بڕیارە سیاسییەکان هەبێت بە خێراییەکی زۆر کەمبوونەتەوە. ئەو تێگە (notion)یەی کە دڵی ئایدیاڵی دیموکراسییەتی دەنواندەوە وەلانراوە و پشتگوێخراوە، واتە ئەم کۆڵەکەیە: دەسەڵاتی خەڵک. لەمڕۆدا، قسەکردن لەبارەی دیموکراسییەتەوە تەنیا بۆ ئەوەیە ئاماژە بکات بە هەبوونی هەڵبژاردنەکان و بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ.

ئەم بەرەوپێشچوونە، بەبێ ئەوەی پێشکەوتنێک بێت بەرەو کۆمەڵگەیەکی پێگەیشتوو (وەکو هەندێ کات ئەمە دەدەن بە گوێماندا)، زۆربەی ئەو پێشهاتانەی لەبەرچاو گرتووە کە بەسەر مۆدێلی ڕۆژئاوایی دیموکراسییەتەکەماندا هاتووە، مۆدێلێک کە بە زۆریی پێیدەوترێت «لیبراڵ دیموکراسی». ئەم مۆدێلە بەرەنجامی بەیەکگەیشتنی دوو نەریتە لەگەڵ یەکتریدا. یەکەمیان نەریتی لیبراڵیی سەروەریی یاسایە، کە وا لە دابەشبوونی دەسەڵاتەکان و جەختکردنەوە لەسەر ئازادیی تاکدا. دووەمیشیان نەریتی دیموکراسیی یەکسانی و سەروەریی خەڵکە. بە دڵنیاییەوە ئەم دوو لۆژیکە سیاسییە لەدوایین سنووردا لە گونجانبەدەر (irreconcilable)ن، چونکە هەمیشە دڕدۆنگییەک هەیە لەنێوان بنەماکانی ئازادی و بنەماکانی یەکسانیدا. بەڵام ئەم دڕدۆنگییە، بۆ مۆدێلە دیموکراسییەکەی ئێمە کارکردنێکی بنیاتنەرە، چونکە دەستەبەری فرەیی دەکات.

بە درێژایی مێژووی ئەوروپا، دانوستاندنێک هەبووە لە ڕێگەی

خەباتێکی «ڕکابەرانە» (agonistic) وە لەنێوان «ڕاست» و «چەپ» دا؛ یەکەمیان لە هەموو شتێ زیاتر ئازادی دەنرخێنێت و دووەمیان لە هەموو شتێ زیاتر یەکسانی دەنرخێنێت. سنووری نێوان ڕاست/چەپ هەتابێ زیاتر کاڵ دەبێتەوە و تێکەڵوپێکەڵ دەبێت، ئەمەیش بەهۆی کورتکردنەوە و قەتیس کردنی دیموکراسییەت لە ڕەهەندە لیبراڵییەکەیدا؛ لە هەرشوێنێک ڕووبەڕووبوونەوەی ڕکابەرییانە لەنێوان دوژمنەکاندا ]بەشێوەی ئەنتاگۆنیزم[ ڕوویدابێت فەزای کراوە ونبووە، لەمڕۆیشدا خولیای دیموکراتی چیتر ناتوانێت لەنێو چوارچێوە نەریتییە سیاسییەکاندا کەناڵەکانی دەربڕین بۆ خۆی بدۆزێتەوە. (demos) ]خەڵک بە واتا یۆنانییە کۆنەکەی[، خەڵکی خۆ-سەروەر، وەک کاتیگۆرییەکی «زۆمبی» وێنادەکرێت، هەر لەبەرئەمەیە ئێستا ئێمە لە کۆمەڵگە «پۆست-دیموکراسیەکان»ـ دا دەژین.

ئەم گۆڕانە لە ئاستە سیاسییەکەدا، کە لەنێو کۆنتێکستی فۆرمولەی هەژموونی «نیولیبراڵی» ی نوێ (new ‹neo-liberal› hegemonic formulation)دا ڕوویداوە، لەڕێگەی فۆرمێکی شەرعیکردنی سەرمایەدارییەوە تایبەتمەندیی خۆی وەرگرتووە کە تێیدا ڕۆڵی سەرمایەداریی دارایی لە سەنتەردایە. ئێمە دەبینین بە خێرایی ئاستی نایەکسانی بەرز دەبێتەوە، کاریگەریی ئەمەیش تەنیا لە سەر چینی کرێکار ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو کاریگەریی لەسەر بەشێکی گەورەی چینی ناوەندیش هەبووە، واتە ئەو چینەی کە خراوەتە نێو پرۆسەی نەدارخستن (pauperization) و نا-دڵنیایی (precarization)ـەوە. ئەو کاتە دەتوانین لەبارەی دیاردەی ڕاستەقینەی «بەئۆلیگارشیکردن» (oligarchization)ی کۆمەڵگەکانمانەوە بدوێین.

لەم هەولومەرجانەی قەیرانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، ئەو هەمەجۆرییەی کە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەرکەوتووە، بەرپەرچی دیاردەی پۆست-سیاسەت و پۆست-دیموکراسی دەداتەوە. ئەو بزووتنەوانە وا بانگەشە دەکەن ئەوە دەنگە بۆ خەڵک دەگەڕێننەوە کە دەستەبژێرەکان لێیان زەوت کردوون. بە چاوپۆشی لەو فۆرمە کێشەئامێزانەی، کە هەندێک لەم بزووتنەوانە هەیانە، گرنگە دان بەوەدا بنێین کە ئەمانە دەربڕی خولیای دیموکراتیی شەرعیین. وێڕای ئەوەیش، دەکرێت خەڵکی بە زۆر ڕێگای جۆراو جۆر دروست بکرێن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەموو ئەم بزووتنەوانە بە ئاراستەی پێشکەوتنخوازانەدا ناڕۆن. لە چەندین وڵاتی ئەورووپیدا، ئەم خولیایە بۆ سەروەریی فەرمانڕەوایەتی لەلایەن حزبە ڕاسترەوەکانەوە دەستی بەسەرداگیراوە، کە دەیانەوێت خەڵک لەڕێگەی گوتاری «کزینۆفۆبیک» (xenophobic)ـەوە دروست بکەن، گوتارێک کە کۆچبەران سەرکوت دەکات و دووردەخاتەوە، چونکە وەک هەڕەشە بۆ سەر گەشەکردنی نەتەوەیی پیشانیان دەدات. ئەم حزبانە خەڵکێک دروست دەکەن کە داوای ئەوە دەکات ئامانجە دیموکراسییەکان تەنیا لە بەرژەوەندییەکانی ئەو کەسانەدا قەتیس بکرێن کە بە «هاونیشتمانی ڕاستەقینە» دادەنرێن. تاکە ڕێگایەک بۆ ڕێگەکردن لە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئەو جۆرە حزبانە و ئینجا دژایەتیکردنی ئەوانەی، کە هەمیشە ئەم حزبانەیان دروستکردووە ئەوەیە خەڵکێکی دیکە دروست بکرێت، بەرەو بە بزووتنەوەیەکی پۆپۆلیستی پێشکەوتنخواز بدرێت کە خولیا دیموکراتییەکان پەسەند بکات و ئاراستەیان بکات بەرەو بەرگریکردن لە یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

ئەوە غیابی حیکایەتێکە کە بتوانێت فەرهەنگێکی دیکە بخاتە بەردەست بۆ داڕشتنەوەی داخوازییە دیموکراتییەکان و ئەوە ڕوون بکاتەوە کە پۆپۆلیزمی ڕاسترەو دەنگدانەوەیەکە لەنێو چەندین کەرتی کۆمەڵایەتیدا کە هەتا بێ زیاتر دەبن. ئەمە کارێکی زەرورییە بۆ ڕیالیزەکردنی ئەوەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە پۆپۆلیزمە، چیتر سەرزەنشتە ئاکارییەکان و بەشەیتانیکردنی پشتیوانانی ئەو پۆپۆلیزمە کار ناکەن. ئەم ستراتیژییەتە بە تەواوەتی

دژەبەرهەمهێنـــان (counterproductive) ــە، چونکە سـەرلەنوێ گوشار دەخاتـەوە سـەر هەسـتە دژە-دامەزرانـدنی (anti-establishment)ی چینـە پۆپـۆلارەکان. لەبـری ئـەوەی ئـەو داخوازییانـە بـە داخـوازی نا-هاوتـا دابنرێـن، پێویسـتە بەشـێوازێکی پێشـکەوتخوازانە فۆرمولـە بکرێنـەوە، دووژمنایـەتی وەهـا پێناسـە بکـەن کـە بەگژداچوونـەوەی ئـەو هێزانەیە کـە پـرۆژەی نیولیبراڵـی بەهێـز دەکـەن و بـرەو پێـدەدەن. ئـەوەی لـە دامەزرانـدنی ویسـتی بەکۆمەڵـدا لـە گرەودایـە بریتییـە لـە دروسـتکردنی هەماهەنگییـەک لەنێـوان فرەچەشـنی (multiplicity) ی بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان و هێـزە کۆمەلایەتییەکانـدا، واتـە لەنێـوان ئەوانـەدا کـە ئامانجیـان قووڵکردنـەوەی دیموکراسـییەتە. جا لەبەرئـەوەی زۆربـەی کەرتـە کۆمەڵایەتییـەکان گیـرۆدەی کاریگەرییـەکانی سـەرمایەداریی دارایین، کەوایـە پۆتێنشـیەڵێک هەیـە بـۆ ئـەم ویسـتە بەکۆمەڵـە تاوەکـو خاسـیەتێکی یەکلاکـەرەوەی هەبێـت کـە دابەشـکاریی ڕاسـت-چەپ وەک دروسـتکراوێکی نەریتـی تێدەپەڕێنێـت.

بـۆ ئـەوەی بگەینـە ئاسـتی ئـەو تەحەدایـەی کـە سـاتەوەختی پۆپۆلیـزم لـە داهاتـووی دیموکراسـییدا دەریدەخـات، پێویسـتمان بـە سیاسـەتێکە کـە دژۆنگییـە ڕکابەرییەکـە لەنێـوان لۆژیکـی لیـبراڵ و لۆژیکـی دیموکراسـیدا دروسـت بکاتـەوە. جیـاواز لـەو بۆچوونـەی کـە هەندێـکات ئەرگومێنتـی بـۆ دەهێنرێتـەوە، ئـەم کارە دەشـێت ئەنجـام بدرێـت بـە بـێ ئـەوەی دامـەزراوە دیموکراتییـە سـەرەکییەکان ڕووبـەڕووی مەتـرسی بکرێنـەوە. کاتێـک پۆپۆلیـزم بەشـێوازێکی پێشـکەوتنخوازانە وێنـا دەکرێـت و نابێتـە لادان و دەرچـوون لـە دیموکـراسی، ئـەوا لەمـەدا دامـەزراوەکان گونجاوتریـن هێـزی سیاسـین بـۆ هێنانـەوە ئـارا و فراوانکـردنی دیموکـراسی لـە ئەوروپـای ئەمـڕۆدا.

**سەرچاوە:**

CHANTAL MOUFFE: The populist moment, Translated from Spanish by Teresa Sastre, 21 November 2016.
https://www.opendemocracy.net/democraciaabierta/chantal-mouffe/populist-moment